# بنووسە، سوێند بە ئەوەی نەفسی منی بەدەستە، تەنها هەق وڕاستی لێوە دەردەچێت

له عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: هەر شتێکم بیبستایە لە پێغەمبەری خوداوە دەمنووسیەوە -صلی الله علیه وسلم- ؛ دەمویست لەبەری بکەم، قورەیش نەهیان لێکردم، ووتیان: ئایا هەموو شتێک دەنووسیت کە گوێت لێدەبێت لە پێغەمبەری خوداوە -صلی الله علیه وسلم-، وپێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- مرۆڤێکە قسە دەکات لەکاتی تورەیی وڕازی بوونیدا؟ بۆیە منیش وازم لە نووسین هێنا، وئەمەم بۆ پێغەمبەری خودا باسکرد -صلی الله علیه وسلم- ؛ ئەویش ئاماژەی بۆ دەمی کرد وفەرمووی: «بنووسە، سوێند بە ئەوەی نەفسی منی بەدەستە، تەنها هەق وڕاستی لێوە دەردەچێت».

عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: هەر شتێکم بیبستایە لە پێغەمبەری خوداوە دەمنووسیەوە -صلی الله علیه وسلم- ؛ بۆئەوەی لەبەری بکەم، پیاوانێك لە قورەیش نەهیان لێکردم لەم کارە، ووتیان: پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- مرۆڤە لەکاتی ڕازیبوون وتورەیی قسە دەکات، ولەوەیە هەڵە بکات، بۆیە منیش وازم لە نووسین هێنا. قسەکەی ئەوانم بۆ پێغەمبەری خودا باسکرد -صلی الله علیه وسلم-، ئەویش بە پەنجەی ئاماژەی بۆ دەمی کرد وفەرمووی: بنووسە، سوێند بە ئەوەی نەفسی منی بەدەستە، تەنها هەق وڕاستی لێوە دەردەچێت لەهەموو حاڵەتێکدا ؛ لەکاتی ڕازیبوون وتورەییدا. وخوای گەورە سەبارەت بە پێغەمبەرەکەی دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى * إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى﴾ واتە: ﴿وە لە هەوا وئارەزووە قسە ناکات * هەرچی دەیڵێت وەحی پەروەردگارە بۆی﴾ [النجم ٣-٤].

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65077